### دیداری بڵاوکراوەی _(معاً نحو الحریه) "پێکەوە بەرەو ئازادی"

# لەگەڵ سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عێراق سەبارەت بە کۆنگرەی جیهانیی بۆ هاوپشتی کردن لەگەڵ خەڵکی عێراق

"کۆنگرەی هاوپشتی نیونەتەوەیی" لەگەل کۆنگرەی ئازادی عیراق لەپایتەختی یابان لە رۆژانی 28و 29ی کانونی دووەمی ئەمسال بەئامادە بوونی زیاتر لە 250 نوینەر لەولاتانی ئەمریکاو ئەوروپا وئاسیای خوارو بەرپاکرا. لەم کۆنگرەیەدا دوو بریار کەتایبەتبوون بە دامەزراندنی کەنالیکی تەلەفزیۆنی ئاسمانیو هاوکات پیکهێنانی تۆریکی جیهانی بۆ پشتیوانی سیاسیو مادی لەکۆنگرەی ئازادی عیراق پەسەندکرا.. هەروەك لە راگەیاندنی کۆتایی ئەم کۆنگرەیەدا هاتووە دەیان ریکخراوو کەسایەتی لەولاتەکانی یابان، ئەمریکا، فلیپین، ئەندەنوزیا، فەرەنسا، پاکستان.. بەشدارییانکردووە، هاوکات هەیئەتیك لە کۆنگرەی ئازادی عیراق کەپیکهاتبوون لە، سەمیر عادل سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراق، عەلی عەباس بەرپرسی لقی بەسرای کۆنگرەی ئازادی عیراق، نەدا موئەید نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنان لەعیراق، ئازاد ئەحمەد، مونەسەقی ناوەندی داکوکیکردن لەمافەکانی منالانی عیراق، ئامادەی کۆنگرەکە بوون. هەروەها لەنیو بەشدارانی کۆنگرەکەدا چەندین مامۆستای زانکۆ وکەسایەتی بەرجەستەی یابانی وئەمریکاییو نیونەتەوەیی کە لەنیویاندا Denis Halliday سەرپەرشتیاری بەرنامە ئیسنانییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەبوو. کۆنگرە دوای دووروژ لە قسەوباس و بیرورا گۆرینەوە لەسەر بارودۆخی عیراقو شەری هەردوو بەرەی تیرۆریستان کەلەلایەکیدا ئەمریکاو داگیرکارییو هاوپەیمانانی راوەستاونو لەلایەکیتریشەوە ئیسلامی سیاسیو دەولەتانی ئیسلامی ودەستەوتاقمەکانی راوەستاوە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەوپەری تواناوە لەپشتی خەباتی ئازادیخوازانەی خەلکی عیراقو کۆنگرەی ئازادی رابوەستنو تۆری جیهانی خوایان بۆئەم ئامانجە فراوان بکەنەوە.. ئەوەی لیرەدا دەیخوینننەوە وەرگیردراوو کورتکراوەی وتویژیکە کە بلاوکراوەی (معا) بەزمانی عەرەبی لەبارەی ئەم کۆنگرەیەوە لەگەل سەمیرعادل دا ئەنجامی داوە/ ئۆکتۆبەر

**معاً: بەیاننامەی کوتایی کاری کۆنگرەی هاوپشتی جیهانی لەگەل کۆنگرەی ئازادی عیراقمان بەدەست گەیشت، ئەگری لیرەدا وینەیەکی روونتر لەبارەی ئەم کۆنگرەیەوە بخیتە بەرچاوی خوینەرانمان؟**

سەمیرعادل: ئەم کۆنگرەیە ئەتوانێ یەکەمین هەنگاویك بیت لەراستای دامەزراندنی بەرەیەکی جیهانی، بە ئامانجیکی وەك یەك وبەبەرنامەیەکی هاوبەشەوە لەپیناو هاوپشتی کردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی بەدژی داگیرکاریو تیرۆریزم لەعیراقدا. بەلام ئیمە چۆن بۆ ئەم کۆنگرەیە خومان ئامادەکرد؟ لەکوتایی مانگی ئەیلولی سالی پاردابوو بەبۆنەی یادی 24ی ئیلول، یانی رۆژیك کەئەمریکا خۆی بۆجەنگ لەدژی عیراق ئامادە دەکرد، لەسەردانیکدا روومانکردە ولاتانیك لە ئاسیای خواروو، ئەمەش لەکاتیکدابوو کە نوینەرانی ئیمە بەشدارییان لەچەندین بۆنەی هاوشیوەدا لەولاتانی بریتانیاو واشنتۆن/ ئەمریکا کردبوو وەتیایدا ووتاریان پیشکەش بەئامادەبوان کردبوو. لەم سەردانانەدا کە ئاماژەم پیکرد، ئیمە چەندین کۆرو سمینارمان سازداو چاومان بەچەندین کەسایەتی ونوینەرانی ریکخراو ورابەرانی بزوتنەوەی کریکاریو ژنان وچەپ لەولاتانی فلیپین، ئەندەنوزیا، کوریای خواروو، کەوتو لەبارەی ئەمانجەکانی کۆنگرەی ئازادی عیراقو ریگاچارەو سیاسەتەکانی خۆمان لەبەرامبەر ئەو بارودۆخانەی روویان لەخەلکی عیراق کردوە روونکردنەوەماندا و هەلویستی خومان بەرۆشنی لەبەرامبەر هیزە دەرگیرەکاندا بەیانکرد بۆیان.. بەمجۆرەش توانیمان لەم سەردانەدا بەشیکی زۆرلە هیزە ئازادخوازەکانی ئەم ولاتانە بۆلای خۆمان راکیشین وداوای پشتیوانیان لیبکەین بۆ بەشداریکردن وهاوکاری کردنیان لەسازدانی کۆنگرەیەکی لەم جۆرەدا.

لەئەمریکاش بەهەمان شیوە نوینەرانیك لەکۆنگرەی ئازادی عیراق ولیژنەی بەرگری لەمقاوەمەتی مەدەنی عیراقی لەیابان بەشداری خوپیشاندانیکیان لەدژی جەنگ کردو لەلایەن وەفدە هاوبەشەکەوە ووتار خویندرایەوە ودواتریش دیداریان لەگەل کەسایەتی ورابەرانی بزوتنەوەی دژی جەنگ لەئەمریکا گریدا وتوانیان کۆبوونەوەیەك ریکبخەن وتیایدا ئامانجەکانی خۆمان بخەینەروو، بەمجۆرەش ئەم وەفدە توانی سەرکەوتن بەدەست بهینی لەراکیشانی رابەرانی بزوتنەوەی دژی جەنگ لەئەمریکاو وداوایان لیبکەن کەبەشداری لەوکۆنگرە جیهانییەدا بکەن کەکۆنگرەی ئازادی عیراق بەنیازە لەیابان سازیبدات... هەرلەم راستایەدا ئیمە چەندین نامەو بروسکەمان ئاراستەی دەیان کەسایەتیو رابەرانی ئەو ریکخراوانەکرد کە لایەنگری خەلکی عیراقو کۆنگرەی ئازادی عیراقن بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی تۆکیۆدا. ئەمە وجگەلەوەی ئیمە هەستاین بە کەمپینیك بۆ راکیشانی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ کۆنگرەی ئازادی عیراق ولەم ریگایەشەوە هاورێیانمان لەیابان کە خویان ئەندامی دامەزرینەری کونگرەی ئازادی عیراقنو لەلیژنەی نیوەندی کۆنگرەدا کاردەکەن، خویان لەرابەرانی، بزوتنەوە لەپیناو دیموکراتی وسۆسیالیزم (MDS)و کۆمەلەی نەتەوەیی بۆ عەدەلەت وئاشتی (ZENCO)، لیژنەی داکوکی لەمقاوەمەی مەدەنی عیراقی لەیابان دان، توانیان پیداویستییەکانی کۆنگرەکە لەئەستۆبگرن. بەمجۆرەش لەماوەی 4مانگدا کەبریاربوو ئەم کۆنگرەیەی تیدا ببەستریت ئیمە توانیمان ئەم سەردانانە وئەم چالاکیانە بەریبخەین تالایەنەکان بۆ بەشداری ئامادەبکەینو زۆرترین پشتیوانی بهینینە نیو کۆنگرەکەوە، وسەرەنجام توانرا لەرۆژانی 28و29 ی کانونی دووەم کۆنگرەی یابان بگرینو تیایدا نوینەرانیك لەئەمریکا ئامادەبن، کەنوینەرایەتی فراوانترین هاوپەیمانیتیان لەئەستۆیە بەدژی جەنگو زیاتر لە 1500 ریکخراو تیدا کۆبوونەتەوەو ئەویش بە (UFPJ) ناسراوە. هەرلەئەمریکاوە نوینەرانیك لە کۆمەلەی بەرگری لەجەنگو حیزبی سوسیالیستی ئەمریکا ئامادەبوون. لەکۆریای خواروشەوە نوینەرانیك لە حزبی هاوپەیمانیتی سیاسی ولەفلیپین وئەندەنوزیاشاەوە نوینەرانیك ئامادەبوون، بەمجۆرە توانیمان بەشداری زیاتر لە 250 کەسایەتی بۆئەم کۆنگرەیە راکیشین.

**معاً: ئایا ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ کاریگەری هەبیت لەسەر داهاتووی بزوتنەوەی دژی جەنگ لەجیهاندا. بەتایبەتی کەئیوە لەووتەکانتانـدا بـاس لـەجیگاو ریگای جیهانی ئەم بزوتنەوەیە دەکەن؟**

سەمیرعادل: هاوری جوزیف کینزا لەلیژنەی رابەریتی (UFPJ) لەئەمریکا لەووتەیەکدا لەبەردەم کـۆنگرەدا ووتـی: "کـە ئیمـە پیـشتر لەسـەرە گیـژەداببووینو نەمان دەزانی کە راستی لەکوییە. وە تەنها داوای کشانەوەی هیزەکانی ئەمریکامان لـەعیراق دەکـرد، بـەلام بیرمـان لەچارەنوسـی خـەلکی عـیراق نـەدەکردەوە، تەنانەت بەلای بەدیلیك بۆ بارودۆخەکانی عیراقدا نەدەچووین. بەلام ئەمرۆ دەزانین کۆنگرەی ئازادی عـیراق کـام ریگـای خـستۆتە روو..." بـەبۆچـوونی مـن ئـەم وتەیە زۆرگرنگەو دەربرینیکە بـەقازانجی بزوتنەوەکـەمان لـەناوخۆ وجیهانـدا. هەربۆیـە منـیش لـە ووتەکەمـدا ئامـاژەم بـەوەدا کـە بـەدوای رووداوەکـانی 11ی سیپتەمبەر کەشو هەوایەکی نائومیدی سایەی کردەوە بەسەر خەلکی جیهاندا چونکە ریگای دەربازبوون لەجەنگی هەردوو بەرەی تیرۆریستی رۆشن نەبووە بۆیان. هەروەها ئاماژەم بەوەدا کە بارۆدخ لە عیراق مەسەلەیەکی رووتی ناوخویی نییە بەلکو مەسەلەیەکی جیهانیـیە وتیکشکانی هەردوو بەرەی تیرۆریستی لەعیراق بەمانای تیکشاندنیەتی لە ئاستی جیهانیشدا. چونکە ئەوەی ئەمرۆ لەعیراق روودەدات دریژەی رووداوەکانی 11ی سیپتەمبەرە.

لەماوەی 3 سالی رابردوودا‌و دوای داگیرکردنی عیراق، دوو ئاسۆ لەنیو بەرەی ئازادخوازی دژبەجەنگدا لەئارادایە، یەکیکیان ئاسۆیەکی لیلە کەنازانیت ریگای دەربازکردنی دنیا لەجەنگو تیرۆریزم چییە وئەوی تریشیان ئاسۆیەکە کەلەلایـەن دەسـتەو تـاقمی ئیـسلامی سیاسـییەوە دەبـری بـەریوە وهەلویستەکانی خوی بەدژایەتی داگیرکاری ئەمریکا پاساو دەکاو خۆشی بۆتە بالیکی جەنگی تیرۆریستی بـەبی ئـەوەی چـارەنووسو ژیـانی خـەلکی عـیراق لەبەرچـاوبگریو سـەرەنجام گەرەکیەتی ئەمارەتیکی وەك تالیبان لەکەنار جمهوری ئیسلامی ئیراندا، لەعیراق دابمەزرینی. کۆنگرەی هاوپشتی جیهانی لەیابان بـەخیرایی ئـەم مەسـەلەیەی لای خۆیەوە کۆتایی پیهیناو بەشیوەیەکی رەسمی لەپشتی رەوتی سیهەم رەوتی ئینسانیو ئازادیخوازی لەدژی هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی.. راوەستا وبەمجۆرەش دروشمی نا بۆ هەردوو بەرەی تیرۆریزم، نا بۆ ئیرهابی ئەمریکاییو ئیرهابی ئیسلامی سیاسی هەلبری. ئالیرەدا جیۆشوینی جیهـانیی کـۆنگرە دەردەکەویت. بەتایبەتی راکیشانی بەرەی جیهانی لەدژی جەنگ لە ناوخوی ئەمریکا جیگایەکی یەکجار گرنگ وستراتیژی دەبی. هەروەك ووتوومە کەتیکشکانی ئەمریکا تەنها کاریکی عـەسکەری نەبوو لەڤیتنام بەلکو شکستیکی سیاسیو مەعنەویو کومەلایـەتی بـوو کەبەپلـەی یەکـەم لـە نـاوخوی ئـەمریکاوە دەسـتی پیکرد.. ئیمەش بۆ ئەمرۆی عیراق دەتوانین هەمان ئەنجام بگرینەبەر. راکیشانی کەسایەتییەکانی ئەمریکاو باقی ولاتانی تر بۆ کـۆنگرەی ئـازادی عـیراق بیـشك ئەم کاریگەرییەی دەبی لەئیستاو داهاتوودا...

**معاً: ئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە وکاریگەریەکانی لەسەر بزوتنەوەی دژی داگیرکاری لەعیراق چییە؟**

سەمیر عادل: لەوەلامی پرسیارەکەی پیشتردا ئاماژەم بەوە کرد کەئیمە لەم کۆنگرەیەدا توانیومانە چۆن پشتیوانییەکی سیاسی ومەعـنەوی گـەورە بەدەسـت بهینین. بەلام بەشیوەیەکی تایبەتیتر کۆنگرە توانی بەتیکرای دەنگ دوو بریار پەسەند بکا کەیەکیکیان بریتیبوو لە پشتیوانی کردنی مادی ومەعنەویو سیاسی بەهـەموو شـیوەیەك لـەکۆنگرەی ئـازادی عـیراق وپیکهینـانی لقـەکانی لەتـەواوی ولاتـانی جیهـان وەك نوینـەری بزوتنـەوەی ئـازادیخوازی خـەلکی عـیراق. هەروەهاپشتیوانی کردن لە بزوتنەوەی دژی جەنگو داگیرکاری لەجیهانداو راگەیاندنی رۆژیك بۆ یادکردنەوەی ئەم بزوتنەوەیـەو هەسـتان بەچالاکی جۆراوجـۆر.. بریاری دووەمیش تایبەت بوو بە دامەزراندنی کەنالیکی ئاسمانی بۆ کۆنگرەی ئازادی عیراق ودیاریکردنی ماوەیەك بۆکۆکردنەوەی ئیمکاناتی مادی وبەریوەبردنی نەخشەیەکی دیاریکراو لەمبارەوە تا کەنالەکە بەکردەوە دەست بەکاری خۆی بکات..

بەلام لەوەلام بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان خودی بەرپاکردنی کۆنگرەیەکی لەم جۆرە هەنگاویکی گەورەیە لەراسـتای بـەهیزکردنی بزوتنـەوەی ئـازادیخوازی لەعیراق کە لەدژی داگیرکاریو تیرۆریزم وکیشمەکیشی قەومی وتایەفەگەری خەباتدەکات، بەتایبەتیش ئەم بزوتنەوەیە بەهۆی پشتیوانی کردنی مادیـیەوە چـەند جار زیاتر بەهیز دەبیو هەروەها راستگۆیی خۆی زیاتر لەنیو کۆمەلگادا دەچەسپینیتو بـرواو متمانـەی نوینـەرانو مەسـەلەکەی لەنیوخەلکدا دەچیتەسـەرەوە. بیگومان بەدەست هینانی پشتیوانی بۆ بزوتنەوەکەمان لەعیراق لەئاستی دنیادا راستەخۆ ئەو ئەنجامەی دەبی کەلەناوەوەش ریزەکانمـان پتـەوترو بـەهیزتر بکـات، ئیمە هەرئیستا هەستمان بەم دەستکەوتەی خومانکردووە.. بەتایبـەتی هـیچ یـەك لـەهیزەکان لـەعیراق بەریـژەی ئیمـە لەپـشتیوانییەکی جیهـانی لـەم شـیوەیە بەهرەمەند نییە.ئەمەش بیگومان کۆمەك دەکات بەخەباتی ئیمە لەپیناو کوتایی هینان بەداگیرکاریو دامەزراندنی حکومەتیکی سکولاری نەقـەومیو نـەدینی لەعیراقدا..

**معاً: چۆن ئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە لەئاستی ناوخو ودەرەوەدا پەخش دەکەنەوە؟ یانی چ هەنگاویکتان لەدەستوردایە بۆ گەیاندنی دەسـتکەوتەکانی ئەم کۆنگرەیە؟**

سەمیر عادل: ئیمە کۆبوونەوەیەکمان لەگەل سازدەرانی ئەم کۆنگرەیە لەیابان بەستووەو تییدا چەند هەنگاویکمان بۆ پەخـشکردنەوەی ئەنجامـەکانی لـەناوخۆو دەرەوەدا بریارداوە، بەمجۆرەش کەمپینیکی راگەیاندنمان بەدەستەوەیە بۆنمونـە لـەعیراق هەلدەسـتین بەبلاوکردنـەوەی هـەردوو بریـارە پەسـەندکراوەکەی کۆنگرەکـە بەچەندین زمان ودانانی لەسەرسایتەکان وچاپکردنی لەرۆژنامەکان وناردنی بۆ ئـەو ریکخـراوو کەسـایەتییانەی دوسـتایەتیمان دەکـەن، هـەروەها هەلدەسـتین بـە

سازدانی چەندین کورو سیمنار لەشارەکانی عیراق بۆ عەکسکردنەوەی هەوالو دەستکەوتەکانی ئەم کۆنگرەیە وە من خۆم لەیابان هاوری لەگەل چەند نوینەریکی تردا هەرلەم راستایەدا، هەستاین بەچەندین چالاکی لەوانە لەشاری تۆکیۆ، جیاو زانکوی جیرۆ نوکیا وهیرۆشیما واوسکا سمینارو کۆبوونەوەی جۆراوجۆرمان ریکخستو لەبارەی کۆنگرەکەوە بۆ ئامادەبووان قسەمانکرد. هەرلەم شارانەش فیلمیی کۆنگرەکەمان نیشانداو بەلگەنامەکانیمان بلاوکردەوەو گەیاندمانە دەستی دەیان کەسایەتیو نوینەرانیك لەریکخراوە جۆربەجۆرەکان، ئەمە جگەلەوەی کە هەوالەکانی کۆنگرەمان گەیاند بەدەیان رۆژنامەو بلاوکراوە لەشارەکانی یابان..دیارە لەولاتەکانی تریش کارگەلیکی لەم جۆرە لەبەرنامەماندایە..